Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# پارەی پێشوازی و بەکارهێنان لە 1/9/2024-ەوە کەمتر دەکرێت

پەرلەمانی فینلەندا وەک بەشێک لە ئامانجەکانی پاشەکەوتکردی حکومەت بڕیاری داوە کە پارەی پێشوازیکردن و بەکارهێنان کەمتر بکرێت. بڕیاری پارەی پێشوازیکردن و بەکارهێنان کە وەریدەگریت کە ٩/١-ەوە کەمترە.

## پارەی پێشوازیکردن لە 1/9/2024-ەوە

| | بەبێ ژەمەکانی پێشکەشکراو/مانگانە | ژەمەکان لە ناوەندی پێشوازیکردن/مانگانە |
|---|---|---|
| کەسێک کە بەتەنیا دەژیت | 300 € | 88 € |
| کەسێکی تری لە 18 ساڵ گەورەتر | 254 € | 72 € |
| سەرپەرشتی بەتەنیا | 336 € | 97 € |
| منداڵی تەمەن 10 تا 17 کە لەگەڵ خێزانەکەی دەژیت | 210 € | 60 € |
| منداڵی تەمەنی کەمتر لە 10 ساڵ کە لەگەڵ خێزانەکەی دەژیت | 191 € | 57 € |

## پارەی بەکارهێنان لە 1/9/2024-ەوە

منداڵی بەبێ تەمەنی کەمتر لە 16 ساڵ و بەبێ سەرپەرشت لەمەوبەدواوە مانگانە پارەی بەکارهێنانی **26 یۆرۆیە** و منداڵی تەمەنی بووە بە 16 ساڵ **47 یۆرۆیە** ئەگەر لە بەشی منداڵان خزمەتگوزاریی تەواو وەربگرێت. پارەی بەکارهێنان دەکرێت لەوە کەمتریش بێت ئەگەر بەهۆی تەمەن و ئاستی گەشەسەندنی منداڵەکە ڕەوا بێت.

## گۆڕانکاریەکە پێویستیی بە هیچ ئەرکێک لەسەر مشتەریەکان نیە

دەتوانیت لەمەوبەدواش داواکاریی پارەی پێشوازیکردن یان بەکارهێنان ڕادەستی ناوەندی پێشوازیکردن بکەیت و ناوەندی پێشوازیکردن بە ئاسایی داواکاریەکەت تاوتوێدەکات.

باشە خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەوە کە لەمەوبەدوا پارەی لە دەستتدا کەمتر دەبێت. ئەگەر پێویست بێت، دەتوانیت سەبارەت بە باری ئابووریت لەگەڵ کارمەندێکی ناوەندی پێشوازیکردن قسە بکەیت.

ئەگەر پێشتر بڕیارێکی پارەی پێشوازیکردن یان بەکارهێنانت وەرگرتبێت بۆ ماوەی دوای 1/9/2024، ناوەندی پێشوازیکردن بڕیارێکی نوێ پێت دەدات. ناوەڕۆکی بڕیارەکەت بە وردی بخوێنەوە. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبێت لەسەر بابەتەکە، پەیوەندی بکە بە ناوەندی پێشوازیکردنی خۆتەوە.